# ژیانت نوێ بکەرەوە لە مانگی ڕەمەزان

[ kurdish – کوردی – كردي ]

پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ جدد حياتك في رمضان ﴾

« باللغة الكردية »

بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ژیانت نوێ بکەرەوە لە مانگی ڕەمەزان

فەزڵی خوای گەورە بەسەر ئوممەتی پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم زۆرن، وە هەندێ کاتی دیاری کردوە تا بەندەکانی بتوانن خیر وچاکە بەدەستبهێنن و دەروونەکان ئامادە دەبن بۆ ئەنجامدانی کاری باشە، وە دڵەکان پەیوەست دەبن بە خوای گەورەوە، بە ئومێدی ئەوەی ڕەزامەندی ولێخۆشبوونی خوای گەورە بەدەستبهێنن، وە چاکترینی ئەم کاتانە بریتیە لە مانگی ڕەمەزان، کە ڕۆژووی تێدا فەرز کراوە، وە ئەم مانگەی کردوەتە هەلێك بۆ گۆرینی ڕەوشتەکان بەرەو چاکە و نوێکردنەوەی پەیوەندی بە پەروەردگارەوە،وە بێ گومان گۆڕان بەرەو باشتر وچاکتر داواکاری هەموو موسڵمانێکە، وە ئەمەش تەنها بە داخوازی نابێت بەڵکو بە جیهادی نەفس ودەستگرتن بە سوننەتی خوای گەورە دەبێت لە گۆڕاندا ، خوا گەورە دەفەرموێت:{إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ}(الرعد:١١).

واتە: بەڕاستی خوا (بار و حاڵی) هیچ گەلێك ناگۆڕێ هەتا ئەوان خۆیان (بار و حاڵی) خۆیان نەگۆڕن.

ئەی موسڵمان بزانە کەوا مانگی ڕەمەزان فەرسەتێکە بۆ دروست کردنی گۆڕانکاری لە ژیاندا، وە ئەوگۆڕانکاریەی کە

خوای گەورە دەیەوێت لێمان لەم مانگە پیرۆزەدا بیکەین بریتیە لەبەدستهێنانی تەقوای خوای گەورە، خوای گەورە دەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ} (البقرة:١٨٣).

واتە: ئەی ئەوانەی کە پڕواتان هێناوە ڕۆژووتان لەسەر نووسراوە هەر وەک نووسراوە لەسەر ئەوانەی لەپێش ئێوە دا بوون بەڵکو خۆتان بپارێزن.

خۆشەویستان: ئەگەر بمانەوێت ژیانمان نوێ بکەینەوە لەم مانگە پیرۆزەدا دەبێت بزانیین کەوا:

**یەکەم:** مانگی ڕەمەزان مانگی چاککردنی دڵەکانە لە نەخۆشەیەکانی رق وکینەو حەسودی وخیانەت وغەشکردن، لە فەرموودەیەك هاتووە: (( صومُ شهر الصبر وثلاثةِ أيام من كل شهر يُذهبن وَحَرَ الصدر» (أخرجه البزار وصححه الألباني)، واتە: ڕۆژووی مانگێکی ئارامی وسێ ڕۆژ لە هەموو مانگێك دەبێتە مایەی لە ناوچونی رق وکینەو دوژمنایەتی لە ناوسینەدا.

**دووەم:** مانگی ڕەمەزان مانگی چاکردن وپاکردنەوەی زوبانە، چونکە بە ڕۆژووبوون زوبانت دەپارێزی لە قسەی ناشرین وغەیبەت وبوهتان، پێغەمبەرِ صلی اللّٰه علیه وسلم دەفەرموێت:(( من لم يدَعْ قولَ الزور والعملَ به، فليس لله حاجةٌ في أن يدع طعامه وشرابه)) (رواه البخاري).

واته: هەر ڕۆژووەوانێك خۆی نەگرێتەوە لەدرۆ وبوهتان و كار وكردەوە وقسەی نابەجێ، ئەوە خوای گەورە هیچ پێویستی بەوەنیە ئەو كەسەواز لەخواردن وخواردنەوەكەی بهێنێت .

وە بەندەی ئیماندار لەم مانگە پیرۆزەدا خۆی ڕادەهێنێت لەسەر ئەوەی قسەی چاكە بكات و نێوان موسڵمانان چاك بكات بە قسەی جوان ڕێك وپێك، خوای گەورە دەفەرموێت: {لَا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاةِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا} (النساء:١١٤).

واته: هیچ چاكەیەك نی یە لە زۆربەی چپە و سرتە كردنەكانیان دا مەگەر یەكێك فەرمان بكات بە ماڵ بەخشین یان چاكە یان چاككردنی نێوان خەڵكی جا هەر كەسێك ئەوە بكات بە نیازی ڕەزامەندی خوا ئەوە لە داهاتوودا پێ ی دەبەخشین پاداشتی زۆر گەورە.

**سێیەم:** مانگی ڕەمەزان فرسەتە بۆ وازهێنان لە ڕەوشتی ڕەزیلی وئەنانیەت، چونكە مرۆڤی بە ڕۆژوو لەم مانگەدا زۆر ئەبەخشێت هەروەكو پێغەمبەری خوا كەوا لەم مانگەدا باشترین وچاكترین كەس بووە لە بواری بەخشیندا، وە موسڵمان لەم مانگەدا هەست بە نەبوونی وئازاری برا هەژارەكانی دەكات، وە هەوڵ ئەدات ئەم فەرمودەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە خۆیدا بەدی بهێنێت: ((مثل المؤمنين في توادهم وتراحمهم وتعاطفهم مثل الجسد إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر والحمى)) رواه مسلم.

واتە: (نموونەی ئیمانداران لە خۆشەویستی بۆ یەکتر و، هاوسۆزی و بەزەیی یەکدا وەکو یەك جەستەوان، ئەگەر ئەندامێکی ئازارێکی هەبوو ئەوا دەناڵێنیێ لە تاو بێخەوی و گەرمە تا).

**چوارەم:** مانگی ڕەمەزان فرسەتە بۆ ئەو کەسانەی بیێ ئاگا و کەم تەرخەم بوونە لە ئەنجامدانی نوێژەکانیان لە کاتی خۆیدا لەگەڵ کۆمەڵی موسڵمانان لە مزگەوتدا، چونکە ناگونجێت بەندەی ئیماندار ڕۆژوو بگرێت وکەم تەرخەمی لە نوێژەکانیدا بکات، لەبەر ئەوەی نوێژ روکنی دووەمی ئیسلامە ویەکەم کردەوەیە کەوا لێپرسینەوەی لەسەر دەکرێت لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەگەر بە چاکی ئەنجامداربێت ئەوە هەموو کردەوەکانی تری چاك دەبێت، وە ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو ئەوە هەموو کردەوەکانی خراپ ئەبێت.

**پێنجەم:** مانگی ڕەمەزان مانگی بەهێز بوونی ئیرادە وهیمەت بەرزیە: بۆیە فرسەتە بۆ ئەو کەسانەی کەوا خەریکی ئەنجامدانی سەرپێچین، وەکو خواردنەوەی ئارەق و مادەهۆشبەرەکان و جگەرە کێشان بۆ ئەوەی وازیان لیێ بێنێت وئیرادەی بەهێز بکات و لەم مانگە پیرۆزەدا نزیکیان نەکەوێتەوە، وە چەندەها کەس توانویەتی لەم مانگەدا ژیانی خۆی نویێ بکاتەوە وواز لە خراپەکاری و ئەم ژەهرانە بێنێت وڕێگای ڕاست بگرێت و ببێتە ئەهلی گوێڕایەڵی وهاتشووی مزگەوت بکات.

**شەشەم:** مانگی ڕەمەزان مانگی گەڕانەوەیە بۆ حیجابی شەرعی بەنسبەت زۆرێك لە ئافرەتانی موسڵمانانان، لەبەر ئەوەی ئافرەتی موسڵمان لەم مانگە پڕ لە خێر وبەرەکەتە،

هەست بە چاودێری خوای گەورە دەكات وبیردەكاتەوە لە مەزنی خوای گەورەو بڕیار دەدات كەوا خۆی داپۆشێت بەوشێوەی كەوا خوا وپێغەمبەرەكەی صلی الله علیە وسلم دەیانەوێت لێی، وە نابێتە مایەی ئەزیت دانی ڕۆژووان بە پیشاندانی ئەندامانی لاشەی، وە پەشیمان دەبێتەوە لەو ڕۆژانەی كەوا سەرپێچی خوای گەورەی كردوە بە سفوری وهەست بە تاوانێكی گەورە دەكات وپەلە دەكات لە گەڕانەوەی بۆ لای خوای گەورە، وە بەڵێنیش دەدات كەوا بەردەوام بێت لەسەر لەبەركردنی حیجابی شەرعی وگوێ نەداتە دوژمنانی ئیسلام وموسڵمانان.

**حەوتەم:** مانگی ڕەمەزان مانگێكە كەوا خەڵكی دەگەڕێنەوە بۆ لای قورئانی پیرۆز: دەگەڕێنەوە بۆ خوێندنەوە وبیر كردنەوە لە مانای ئایەتەكانی وخوێندنەوەی چەند تەفسیرێك دەربارەی، وە گومانی تێدا نیە ئەمە دەبێتە مایەی دروست بوونی گۆڕانكاری لەسەر دڵ ودەروون وڕەوشتی زۆرێك لە بەندەكان، خوای گەورە دەفەرموێت: {إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا} (الإسراء:٩)، واتە: بەڕاستی ئەم قورئانە ڕێنموونی دەكات بۆ ڕێبازو بەرنامەیەك كە ڕاسترینە و موژدەش دەدات بەو باوەڕدارانەی كە كردەوە چاكەكان دەكەن كە بە ڕاستی پاداشتی گەورەیان بۆ هەیە.

هەروەها قورئان شیفا وچارەسەرە، خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت: {نُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إِلَّا خَسَارًا} (الإسراء:٨٢).واتە: وە لەم قورئانەدا

دەنێرینە خوارەوە ئەوەی کە هۆی شیفاو میهرەبانی یە بۆ بڕواداران بەڵام (هاتنی ئەم قورئانە) بۆ ستەمکاران هیچ زیاد ناکات بێجگە لە خەسارەت مەندی.

**هەشتەم:** مانگی ڕەمەزان مانگی پەروەردەکردنی دەروونە لەسەر نەرم ونیانی، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت:(( إِذَا أصبَحَ أحَدُكُمْ يَوْمًا صَائِمًا فَلَا يَرْفُثْ وَلَا يَجْهَلْ فَإِنْ امْرُؤٌ شَاتَمَهُ أوْ قَاتَلَهُ فَلْيَقُلْ إِنِّي صَائِمٌ إِنِّي صَائِمٌ)) (متفق عليه).

واتە: ئەگەر ڕۆژێك کەسێکتان بەڕۆژو بوو با ئەو ڕۆژە قسەی ناشیرین و هات و هاوار نەکات، خۆ ئەگەر کەسێك جنێوی پێداو شەڕی پێ فرۆشت بابڵێت: من کەسێکی بەڕۆژوم، من کەسێکی بەڕۆژووم.

ئەمە ڕاهێنانێکی تەواوە لەسەر نەرم و نیانی و دوور کەوتنەوە لە توڕەبوون، خوای گەورەش ئەو کەسانەی مەدح کردووە کە ئەو سیفەتەیان هەیە وکردویەتی نیشانەی ئەو کەسانەی کەوا پارێزگارن وپەیمانی بەهەشتی پێ داوون، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَسَارِعُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَوَاتُ وَالْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ ﴿١٣٣﴾ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ فِي السَّرَّاءِ وَالضَّرَّاءِ وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ} (آل عمران/١٣٣-١٣٤) .

واتە: پێشبڕکێ بکەن بۆ لێ بوردنێکی گەورە لەلایەن پەروەرگارتانەوە، وە بۆ بەهەشتێک کە پانییەکەی (بە

ئەندازەی) ئاسمانەکان و زەوی یە کە ئامادە کراوە بۆ لە خوا ترسان (﴿١٣٣﴾) ئەوانەی ماڵ دەبەخشن (لە ڕێ ی خوادا) لە کاتی خۆشی (دەوڵەمەندی) و ناخۆشی دا و ڕقی بەتینی خۆیان دەخۆنەوە و دەبوورن لە خەڵکی، خواش چاکەکارانی خۆش دەوێت.

ئەی ئیمانداران ئەگەر لە مانگی ڕەمەزاندا گۆڕانکاری بەسەر خۆمان نەهێنین ئەبێ کەی خۆمان بگۆڕین؟ ئەگەر لەم مانگە پیرۆزەدا ژیانی خۆمان نوێ نەکەینەوە، ئەبێ کەی نوێی بکەینەوە؟

ئەی ئیمانداران مانگی ڕەمەزان فرسەتێکی زێڕینەیە بۆ ئەو کەسەی کە بیەوێت تەوبەێکی ڕاست ودروست بکات وپەیمان تازە بکاتەوە لەگەڵ خوای گەورە.

لە کۆتاییدا داواکارم لە خوای گەورە یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی بتاوانین لەم مانگە پیرۆزەدا ژیانمان نوێ بکەینەوە بە تاعەت وخواپەرستی و لە گوناهەکانمان خۆشبێت وبە بەهەشتی بەرین شادمان بکاتەوە.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم